گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١ ژ.١، ٢٠٢٥
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الايداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.،
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v1n1a46

# بەرپرسیاریەتی وڵاتی تورکیا لە دروست کردنی بەنداوەکان لەسەر ڕووبارە هاوبەشەکان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی

خسرو عزیز عزیز، پشکا یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، هەرێما کوردستانێ – عێراق
فتحی زیرو زیرو، پشکا یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، هەرێما کوردستانێ – عێراق

**پوختەی توێژینەوە:**

دروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووبارە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا زۆرترین مشتومڕی لەسەرە، کە جگە لە سوود گەیاندن بە وڵاتانی سەرووی ڕووبارەکان، زیانی بێ وێنەی بۆ وڵاتانی خوارووی ئەم ڕووبارانە هەیە. بەو پێیەی تورکیا هاوردەکاری وزەیە لە وڵاتانی دیکە و بەدوای کارتێک دەگەڕێت بۆ پاڵەپەستۆ خستنەسەر وڵاتانی دراوسێ کە بەرهەم هێنەری نەوت و غازن، بۆ وەرگرتنی نەوت و غازی هەرزان و جێگیر، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بە پلانێکی تۆکمە ژمارەیەکی زور بەنداوی بە قەبارەی زور گەورە دروست کردووە، بەنداوی ئەتاتورک کە توانای گلدانەوەی (48) ملیار مەتر سێجا ئاو و بەنداوی (ئیلیسو) کە توانای گلدانەوەی(١٠)ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە، بە گەورەترین بەنداوەکانی پرۆژەی GAP لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فۆرات هەژمار دەکرێن، کە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی (٦٠٪)ی سەرچاوە ئاوییەکانی وڵاتانی سوریا و عێراق کە هۆکارێکن بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی بە بیابانبوون و خوڵبارین و وردیلەکانی ناو هەوا و زیانی زۆری لە بواری ژینگەیی و ئابووری و کۆمەلایەتی بەم وڵاتانە گەیاندووە، هەروەها هەوڵی بنیاتنانی پرۆژەی DAPی داوە لە سەر ڕووباری ئاراس کە بەنداوەکانی (قەرەکورت، توزلۆجە و سۆیلە) لەخۆ دەگرێت و دەبێتە هۆی وشک بوونی ڕووباری ئاراس و لەناوچوونی ژینگە و کشتوکاڵی باکووری ڕۆژئاوای ئێران. ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە کاریگەری ئەم پرۆژانە لە سەر وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس بخەینەڕوو، هەروەها پێشێلکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن وڵاتی تورکیا بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی ئەم وڵاتە لەمبارەیەوە بسەلمێنین و میکانیزمەکانی ڕێگریکردن و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی وڵاتانی خوارووی ئەم ڕووبارانە ڕوون بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش مێتۆدی شیکاریمان بەکار هێناوە.

**وشە کلیلیەکان:** ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان، پرۆژەی GAP، پرۆژەی DAP، بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی و کێشەی نێودەوڵەتی.

## ١-پێشەکی

لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا و کەم بوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو و بەکارهینانی لە کشتوکاڵ و پیشەسای و بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا، خواست لەسەر ئاو زیادی کردوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتان بیر لە دروست کردنی بەنداو بکەنەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی ئاو داناوە و بەرژەوەندی وڵاتانی هاوبەشی خستۆتە مەترسییەوە و کێشە و ناکۆکی لێکەوتۆتەوە، بۆیە ژمارەیەک لە پسپۆڕان، سەدەی بیست و یەکیان بە سەدەی ئاو ناوبردووە و پێیانوایە کە ململانێ جیهانییەکان لەسەر بەکارهێنانی ئاو توندتر دەبن، لەم بارەیەوە کە پترۆس غالی، ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1985دا ڕایگەیاندوە کە: "جەنگەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی نەوتەوە نابێت، بەڵکو زیاتر بەهۆی ئاوەوە دەبێت، کە بەردەوام کەم دەبێتەوە".

هەرچەندە دەکرێ پێویستی بە ئاو لە جیاتی ناکۆکی ببێتە فاکتەری هاوکاری نێوان دەوڵەتان، ئەزموونی ڕابردووش ئەمەی سەلماندووە کە کێشەکان بە ڕێگەی دیپلۆماسی چارەسەر دەکرێن، بەڵگەش ئەوەیە کە لە ماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوو لەبەرامبەر (٣٧) کێشەی توندوتیژیدا (١٥٠) ڕێککەوتننامە و پەیماننامە واژۆ کراون، کە ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەروەها بە پێی ئامارێکی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ لە ساڵی ( ٨٠٥)ی زایینیەوە تاکو ئیستا (٣٦٠٠) ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ئاو واژۆ کراون کە زۆربەیان پەیوەندیان بە سنوور و کەشتیوانیەوە هەبووە و تەنها (١٤٥)یان بۆ بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارە سنووریەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیوانی بووە.

دیارە کە لە جیهاندا (٢٦٣) ڕووباری سنووری هەیە کە نزیکەی (٦٠٪ ) ڕێرەوی ئاوی ڕووبارەکانی جیهانی لەخۆ گرتووە و (٤٠٪) دانیشتوانی جیهانی لە خۆی کۆکردیتەوە، ئەم سەرچاوە ئاوییە سنووریانەش ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ وەک زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بە پیشەسازی بوون و بە شارستانی بوون، وێران بوونی ژینگە، هەروەها گۆڕانی هەرێمەکان و گۆڕانی هایدرۆلۆژیکی بوونەتەوە. بەو پێیەی میزۆپۆتامیا لە کۆنەوە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە ئاو ناسراوە و ناوچەی نێوان ڕووبارەکانی دیجلە و فورات یەکەمین ناوەندی شارستانیەت بووە و بە پێی توێژینەوە ئارکیولۆجیەکان یەکەم جار مروڤ لەم ناوچەیەدا دەستی بە کشتوکال کردووە و پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، بەڵام لە ئێستادا لەسەر دابەشکردن و بەکارهێنانی ئاو زۆرترین مشتومڕ و ناکۆکی لە نێوان وڵاتانی هاوبەشدا هەیە. لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیشەوە پێش دروستکردنی یەکەم بەنداو لەسەر ئەم ڕووبارانە هیچ گرفت و گرژییەکی بەرچاو لە نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیە نەبووە، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوودا دەوڵەتی تورکیا وەک وڵاتی سەرووی حەوزی دیجلە و فورات زنجیرەیەک بەنداوی بۆ پەرەپێدانی کشتوکال و دابین کردنی وزە دیزاین و جێبەجێ کردووە کە شارەزایان پێیانوایە کە زیانی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی زۆری بە وڵاتەکانی عێراق و سوریا و ئێران گەیاندووە، کە سەرەڕای ناڕەزایەتی ئەم وڵاتانە و چالاکوانانی ژینگە و مافی مرۆڤ، وڵاتی تورکیا بانگەوازی سەروەری ڕەها لەسەر ئەم ڕووبارانە دەکات کە لە ناو خاکەکەیدا هەڵدەقوڵێن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا تورکیا بە دروست کردنی بەنداوەکان و کۆکردنەوەی ئاو بە مەبەستی بەکارهێنانی لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بەکارهێنانی وەک کارتێکی فشار لەسەر وڵاتانی ڕێژاوی ئەو ڕووبارانە بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری و سیاسی و پتەوکردنی پێگەی جیۆپولتیک و جیۆئیکۆنۆمی خۆی زەرە و زیانی بە دەوڵەتانی خوارووی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس گەیاندووە؟

ئایا ئەم کردارە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی کەوتۆتە سەر دەوڵەتی تورکیا؟ میکانیزمەکانی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ئەم بابەتە و قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانەکانی وڵاتانی زەرەرمەند چین؟

### ١,١ گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە دروستکردنی پرۆژەکانی GAP و DAP لە سەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران کردووە و وڵاتی تورکیا ئامادە نییە پابەندی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕووبارە هاوبەشەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بێت و ئەم بابەتە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبێت و کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بابەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی لەسەر بکرێت و سوودیان لێوەربگیرێت.

**٢،١ گرفتی توێژینەوە**

گرفتی توێژینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە وڵاتی تورکیا کۆمەڵێک بەنداوی لە ژێر ناونیشانی پرۆژەیەکانیGAP و DAP لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس دروست کردووە و زەرەر و زیانی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی زۆری بە وڵاتانی سوریا وعێراق و ئێران گەیاندووە و دان بە نێودەوڵەتی بوونی ئەم ڕووبارانەش نانێت و پابەندی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ئاو و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان نابێت، بەمەش بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە سەر و پێویستە پرۆژەکان ڕابگرێت و قەرەبووی وڵاتە زیانلێکەوتووەکان بکاتەوە.

**٣،١ پرسیارەکانی توێژینەوە**

بە مەبەستی سەلماندنی بەرپرسیاریەتی وڵاتی تورکیا لە دروست کردنی بەنداو لەسەر ڕووبارە هاوبەشەکان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەبێ وەڵام بدرێنەوە:

١-ئایا ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس ڕووباری نێودەوڵەتین؟

٢- ئایا دروست کردنی پرۆژەکانیGAP و DAP لە لایەن تورکیاوە لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس زیانی بە وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران گەیاندووە؟

٣- ئایا وڵاتی تورکیا لە دروست کردنی ئەم پرۆژانە پێشێلی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ئاوی کردووە؟

٤- ئایا لە ئەنجامی دروست کردنی ئەم پرۆژانە و زیان گەیاندن بە وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی کەوتۆتە سەر وڵاتی تورکیا و میکانیزمەکانی قەرەبووردنەوەی زیانەکانی ئەم وڵاتانە لە لایەن تورکیاوە چین؟

**٤،١ ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی توێژینەوە ئەوەیە کە بسەڵمێنین وڵاتی تورکیا لە ئەنجامی دروستکردنی پرۆژەکانی GAP و DAP زەرەر و زیانی بە وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران گەیاندووە و پێشێلی یاسا نێودەوڵەتیەکانی کردووە و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی کەوتۆتە سەر، هەروەها میکانیزمەکانی قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانەکانی ئەم وڵاتانە دیاری بکەین.

**٥،١ مێتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە کە ئەو دەرفەتە دەداتە توێژەر کە بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی وڵاتی تورکیا لە دروست کردنی پرۆژەکانیGAP و DAP لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس و زیان گەیاندن بە وڵاتانی سوریا و عیراق و ئێران لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی شی بکاتەوە و میکانیزمەکانی قەرەبووکردنەوەیان بخاتەڕوو.

**٦،١ چوارچێوەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی وڵاتی تورکیا لە دروست کردنی پرۆژەکانی GAP و DAP لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس و زەرەر و زیان گەیاندن بە وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران لە چوارچێوەی یاسای نێودەولەتیدا دەخوڵێتەوە.

**٧،١ پلانی توێژینەوە**

بۆ زاڵ بوون بەسەر بابەتی توێژینەوە، هەوڵ دەدەین توێژینەوەکەمان دابەشی سەر سێ تەوەر بکەین، لە تەوەری یەکەمدا پێناسەی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان و پرۆژەی GAP و DAP و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەین. لە تەوەری دووەمدا زیانەکانی دروستکردنی پرۆژەکانGAP و DAP لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس لەسەر وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی وڵاتی تورکیا لە دروست کردنی ئەم پرۆژانە دەخەینەڕوو، وە لە تەوەری سێیەمدا میکانیزمەکانی ڕێگریکردن و قەرەبووکردنەوەی وڵاتانی زەرەمەند دەخەینەڕوو، لە کۆتاییشدا گرنگترین دەرئەنجام و پێشنیازەکانی توێژینەوە لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان دەخەینەڕوو.

**٢. ناساندنی بابەتی توێژینەوە**

**١،٢ ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان**

ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان لە لایەن یاساناسەکانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسە کراون، هەندێکیان پێیانوایە کە ڕووباری نێودەوڵەتی بریتیە لە: "ئەو ڕووبارانەی کە بە هەرێمی زیاتر لە دەوڵەتێکدا تێدەپەڕن." (i) هەندێکی دیکە پێیانوایە کە بریتیە لە "ئەو ڕووبارانەی دوو دەوڵەت لێک جیا دەکەنەوە".(ii) لە کاتێکدا شارل ڕوسۆ و جۆرج سێل بەم شێوەیە پێناسەیان کردوە کە بریتیە لە "ئەو ڕووبارانەی بۆ کەشتیوانی دەشێن و خاکی دوو دەوڵەت یان زیاتر دەبڕن".(iii) کۆمەڵێکیتریش لە دوو ڕەهەندەوە پێناسەیان کردوە، یەکەم، ڕەهەندی کلاسیکی کە بریتیە لەو ڕووبارەی بە نێو خاکی دوو دەوڵەت یان زیاتردا تێدەپەڕێت، دووەم، ڕەهەندی هاوچەرخ کە هەموو ڕووبار و لقەکانی و ڕێژاوی ڕووبارەکان وەک یەکەیەکی ئاوی کە سروشتێکی ئابووری گشتگیری هەیە سەیر دەکرێت.(iv) یاسای نێودەوڵەتیش لە دوو ڕووەوە گرنگی بە ڕووبارە نێودەولەتیەکان دەدات، یەکەمیان، لە ڕووی کەشتیوانی و دووەمیان، لە ڕووی بەکارهێنانی بۆ مەبەستی ئاودێری و پیشەسازی.(v)

دکتۆر اسماعیل نوری حمید پێیوایە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان ئەو ڕووبارانەن کە لە دەوڵەتێکەوە هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنە ناو خاکی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی دیکە، دواتر دەڕژێتە ناو دەریایەک کە ئەو دەوڵەتە دەکەوێتە کەناری، کە پێویستە بەکارهێنانی لە لایەن دەوڵەتانی پەیوەندار بە هاوبەشی و بە پێی ڕێککەوتننامەی دوو لایەنە و سێ لایەنە پراکتیزە بکرێت.(vi)

لەم پێناسانەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە یاساناسەکان هەر یەکەیان بە جۆرێک چەمکی رووبارە نێودەوڵەتیەکانیان لێکداوەتەوە و کۆک نین لەسەر چەمکێکی دیاریکراو، بۆیە پێمانوایە رووبارە نێودەوڵەتیەکان ئەو رووبارانەن کە لە دەوڵەتێکەوە سەوچاوە دەگرن و دەڕژێنە ناو خاکی وڵاتانی دیکە، واتە سنووری دوو دەوڵەت یان زیاتر دەبڕن و لە نێوان دەوڵەتانی سەرووچاوە و دەوڵەتانی رێژاودا هاوبەشن.

### ٢,٢ پرۆژەی GAP

پرۆژەی GAP کە کورتکراوەی (پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ)ە، (٢٣) بەنداوی گەورە لەخۆ دەگرێت.(vii) و لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەسەر رووباری دیجلە و فورات بە ئامانجی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو و زەوی و ئاودێری و وزەی کارەبا دارێژراوە و لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا چڕ بۆتەوە.(viii) بەپێی ئامارە فەرمییەکان،(٧٤٪) ی پرۆژەکانی وزە و( 26%)ی پرۆژەکانی ئاودێری لە ژێر پرۆگرامی GAP تا ساڵی 2017 تەواو بوون، بەنداوی (ئیلیسو) بە کۆی قەبارەی (10) ملیار مەتر سێجا ئاو کە لە ساڵی 2006 کارەکانی دەستپێیکردوە و لە ساڵی 2019 کۆتایی هاتووە بە دووەم بەنداوەی تورکیا لە دوای بەنداوی ئەتاتورک دێت کە توانای گلدانەوەی (٤٨) ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە.(ix) ئەم پرۆژە زەبەلاحە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو پلانی بۆ دانراوە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە ژێر ناوی نوێی GAP دەستی پێکردوە و زۆربەی پرۆژەکانی لە ساڵی ٢٠٠٨دا کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە کە(٨١) کۆمپانیای بیانی کاریان تێدا دەکرد و دوای تەواوبوونی ساڵانە(٥٠) ملیار مەتر سێجا ئاو بۆ تورکیا دابین دەکات، کە یەکسانە بە( 28%) ی توانای ئاوی تورکیا، سەرەڕای ئەوەی(3.5) ملیۆن هەلی کار راستەوخۆ دەرەخسێنێت و داهاتی دانیشتوانی هەرێمەکە پێنج هێندە زیاد دەکات.(x)

تورکیا بە سازکردنی بەنداوی ئیلیسوولە سەر رووباری دیجلە بەشێکی زۆری ئاوی دیجلەی گرتووتەوە و رێگری کردووە لەوەی کە بڕژێتە ناو باشووری کوردستان و ئێراقەوە. لە ئاکامی ئەم پرۆژەدا بەشێک لە هەرێمی کوردستان و ئێراق و تەنانەت ئێرانیش تووشی کەم ئاوی یان بێئاوی و بە بیابانبوون و گەردەلوولی تۆز و خۆڵ و خاک دەبن، ئەم بابەتە تەنانەت ئەبێتە هۆی سوێربوونی ئاوی کەنداو، بێجگە لە زیانە ژینگەییەکان و سوێر بوونی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی لە داهاتووشدا ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ناخۆیی و نێودەوڵەتیی، لە راستیدا رەگی ژیانی ئێراق دیجلە و فوراتن و گەورەترین خاڵی لاوازی هایدرۆپاڵێتیکی ئێراق ئەوەیە کە ئەم رووبارانە لە تورکیاوە سەرچاوەدەگرن، بەردەوام مەترسی ئەوە هەیە کە تورکیا ئەم بابەتە وەکوو کارتی گوشار بەکاربێنێت.(xi)

### ٣,٢ پرۆژەی DAP (رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ)

پرۆژەی DAP کە کورتکراوەی (پرۆژەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ)ە، یەکێکی دیکەیە لە پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداو لە تورکیا کە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردوە و بۆ دروستکردنی کەلک لە ئەزموونی(GAP) وەرگیراوە و رێگە نادرێت زانیاری لەسەر ئەم پرۆژەیە بلاو بێتەوە و هەمووان دەستیان پێڕا بگات. ئامانجی تورکیا لە دروستکردنی ئەو بەنداوانە گواستنەوەی ئاوە بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی وڵات و پەرەپێدان پیشەسازی و کشتوکاڵ کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئازەربایجانی رۆژهەڵات، ئەردەبیل و گیلان لە ئێران، هەروەها کاریگەری لەسەر ئاوی دەریای خەزەریش دەبێت. لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا بڕیارە (14) بەنداو لەسەر رووباری ئاراس دروستبکرێت، بەنداوی قەرەکورت لە باکوری تورکیا یەکێکە لەو بەنداوانە، کە بوەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاو بە رێژەی( 56% ) و وشکەساڵی لە ساڵانی رابردوودا لە سێ پارێزگای ئەردەبیل و ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە رەنگە بەپیتترین دەشتەکانی ئێران وەک دەشتی (مۆگان) لە ساڵانی ئایندەدا وشک ببێت.(xii)

### ٤,٢ بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی

بەرپرسیارێتی یاسایی نێودەوڵەتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو کەسی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای زیان گەیاندن بە کەسێک یان چەند کەسێکی نێودەوڵەتی لە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کردەوەیەک کە لەلایەن کەسێکی نێودەوڵەتی دیکەوە ئانجامدراوە، بەرپرسیاریەتی یاسایی نێودەوڵەتی لە حاڵەتێکدا سەرهەڵدەدات کە دەوڵەتێک یان کەسێک لە کەسانی یاسای نێودەوڵەتی بە پێشێلکردنی ئەو پابەندیانەی کە بەپێی برگەکانی یاسای نێودەوڵەتی دامەزراون، خۆیان لە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی بەدوور بگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرپرسیاریەتی یاسایی، کە سزای بۆ کەسی نێودەوڵەتی بەرپرسیار داناوە"

پرۆفیسۆر (عەبدولعەزیز سەرحان) بەم شێوەیە پێناسەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی کردووە کە بریتیە لە:" ئەو سزای یاساییەی کە یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆ پابەند نەبوونی یەکێک لە کەسانی ئەم یاسایە لە رێزگرتن لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکان سەپێنراوە." هەروەها فیقهی رۆژئاوا، لەوانەش فەقێ ئەنزیلۆتی و پۆڵ رایتەر و رۆس پێیانوایە کە:" بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بریتییە لە:"گەرانەوەی کردەوەیەکی نارەوای نێودەوڵەتی بۆ کەسێکی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بەهۆی یان لە ئەنجامی پێشێلکردنی پابەندبوونێکی نێودەوڵەتی لە کردەوەیەکی نارەوای نێودەوڵەتیدا". دیسان پرۆفیسۆر (چارلز ڤالی) پێی وایە: "بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی بریتیە لە پابەندبوون بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان یان پێدانی قەرەبوو لە ئەنجامی کردەوەیەکی نارەوای نێودەوڵەتی لە لایەن کەسێکی یاسای نێودەوڵەتی گشتی."(xiii)

### ٥,٢ کێشەی نێودەوڵەتی

مەبەست لە کێشەی نێودەوڵەتی ئەو ناکۆکییە کە لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر روودەدات لەسەر بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکان یان لەسەر رووداوێک یان لە هۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکان یان لەسەر جیاوازی بەڵگە یاساییەکان سەرهەڵدەدات.(xiv)

یاساناسان و هەڵسووکەوتی نێودەوڵەتی جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە کێشەی نێودەوڵەتی دەکەن، جۆری یەکەمیان کێشە یاساییەکانن کە لە تایبەتمەندی دادگای نێودەوڵەتی یان دادگای تەحکیم یان دادگای دادی نێودەوڵەتین و بە پێی رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بڕیاریان لێدەدرێت، جۆری دووەمیان لە تایبەتمەندی دادگای نێودەوڵەتی نین و بۆ چارەسەرکردنیان پێویستە بگەڕێینەوە سەر نێوبژیوانی و سازان.(xv)

بۆیە یاساناسان لەسەر کێشە یاسایيە نێودەوڵەتیەکان سێ ڕوانگەیان هەیە: یەکەم: کێشە یاساییەکان ئەو کێشانەن کە دەکرێ بە پێی ڕێسا ڕوون و دانپێدانراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێن، بۆیە بە پێی ئەم ڕوانگەیە کێشە سیاسیەکان ئەو کێشانەن کە ئەستەمە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێ.

دووەم: پێیانوایە کە کێشە یاساییەکان ئەو کێشانەن کە گرنگی ئەوتۆیان نییە، کەپەیوەندیان بە بابەتە دەستە دووەکان و بچووکەکانەوە هەیە کە پێشێلی بەرژەوەندیە باڵاکانی دەوڵەتەکان ناکەن، بەڵام کێشە سیاسییەکان پێشێلی بەرژەوەندی باڵاکانی دەوڵەتان دەکەن وەک بەرژەوەندیە نیشتیمانیە زیندووەکان و ئابووریەکان.

ڕوانگەی سێیەم: پێیانوایە کە کێشە یاساییەکان ئەو کێشانەن کە ناکۆکی لەسەر جێبەجێکردن یان گۆڕینی یاسا بەرکارەکان هەیە، بە بێ ئەوەی لایەک داوا لە لایەنی دیکە بکات کە یاساکە هەموار بکاتەوە، لەکاتێکدا لە کێشە سیاسیەکاندا لایەنێک داوا لە لایەنەکەیتر دەکات کە یاسا بەرکارەکە هەموار بکاتەوە، وەک کێشە ئاوی چێکوسلۆڤاکی ساڵی١٩٣٩. (xvi)

### ٣. کاریگەریەکانی پرۆژەکانی GAP و DAP و بەرپرسیاریەتی نێودەڵەتی دەوڵەتی تورکیا

لەم تەوەرەدا کاریگەری پرۆژەکانی GAP و DAP لەسەر وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران دەخەینەڕوو، هەروەها بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی وڵاتی تارکیا لەو زیانانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە بە وڵاتانی هاوبەشی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس کەوتووە دەسەلمێنین.

#### ١,٣ کاریگەریەکانی پرۆژەکانی GAP و DAP

دروست کردنی ئەم دوو پرۆژەیە لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە کاریگەری ئێجگار زۆری لەسەر مافی ژیان و ژینگە و تەندروستی و ئاسایشی خۆراک لە وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران کردووە و زەرەر و زیانی ئێکجار زۆری بەم وڵاتانە گەیاندووە بەمشێوەیەی خوارەوە:

#### ١,١,٣ کاریگەری پرۆژەکانی GAP و DAP لەسەر مافی ژیان

دروستکردنی پرۆژەکانی GAP و DAP لەسەر ڕووباری دیجلە و فورات و ئاراس زیانی زۆری بە وڵاتانی خوارەوەی ڕووبارەکان گەیاندووە و بووەتە هۆی کۆچباربوونی هەزاران کەس لەم وڵاتانە و جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان، بۆ نموونە بە پێی ڕاپۆرتی یونسکۆ (١٠٠) هەزار عێراقی بەهۆی کەمی ئاوەوە شوێنی نیشتەجێ بوونیان جێهێشتووە و هۆشداری داوە کە تاکو ساڵی ٢٠٤٠ ئەم هێڵە بە تەواوی وشک دەبێتەوە.(xvii)

#### ٢,١,٣ کاریگەری پرۆژەکانی GAP و DAP لەسەر تەندروستی

ئاو کە گرنگترین و سەرەکیترین سەرچاوەی تەندروستی گشتییە، بە هۆی ئەم پرۆژانەوە جگە لە پیسبوونیان، نەخۆشی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی خۆڵبارین کە لە ئەنجامی کەمبوونەوەی ئاو و بە بیابانبوون دروست بووە و تەندروستی دانیشتوانی ناوچەی خوارووی ئەم ڕووبارانەی خستۆتە مەترسییەوە.(xviii)

#### ٣,١,٣ کاریگەری پرۆژەکانی GAP و DAP لەسەر ئاسایشی خوراک

بێگومان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کە ڕۆڵی سەرەکیان لە ئاسایشی خۆراک هەیە پشت بە ئاو دەبەستن، بۆیە لەگەڵ دروست کردنی پرۆژەکانی GAP و DAP ڕێژەی ئاوی دیجلە و فورات و ئاراس کەمی کردووە و بەشێکی زۆری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری وڵاتانی خوارووی ئەم ڕووبارە نێودەوڵەتیانە لەناوچووە و کوالێتی ژیانی کەمبۆتەوە، هەروەها بووەتە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی ئاو لە ناوچەکەدا، دیسان لەوەرگە سروشتییەکان و تالاوەکانیش ڕووبەڕووی زیانێکی گەورە بوونەتەوە، بۆیە ئەم پرۆژانە هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ئاسایشی خوراک.(xix)

#### ٤,١,٣ کاریگەری پرۆژەکانی GAP و DAP لەسەر ژینگە

جێبەجێکردنی پرۆژەی GAP و DAP بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی خۆڵبارین لە ناوچەکە، ئەمەش کێشەی ژینگەیی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمیەکان و کۆئەندامی هەناسەدان لە ناوچەکەدا بەدوای خۆیدا هێناوە، هەروەها بووەتە هۆی وشکبوونەوەی زۆربەی تالاوەکانی ناوچەکە کە شوێنی نیشتەجێبوونی چەندین جۆری جیاوازی ئاژەڵن، لەگەڵ وێرانبوونی ئەم زونگاوانە و ژینگەی لێواری ڕووبارەکان سروشتی ناوچەکە وێران بووە.(xx) بۆیە ئەم پرۆژانە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاو بۆ وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکان و چەندین زیانی ژینگەیی لێکەوتۆتەوە.(xxi)

سیاسەتی ئاو کە لێکدراوی دوو وشەی ئاو و سیاسەتە، ئەمڕۆ بە ڕوونی هاتۆتە ناو مەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بووەتە یەکێک لە پرسە گرنگەکان و چالێنجەکانی بەردەم مرۆڤایەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچار کردووە بێتە ناو بابەتەکە و چوارچێوەی نێودەوڵەتی وەربگرێت، بۆیە زیادبوونی خواست لەسەر ئاو لە سەدەی بیست و یەک فشاری خستۆتە سەر سەرچاوەکانی ئاو و سیاسەتمەداران و حکومەتەکانی ناچار کردووە بابەتی ئاوەوە بخەنە سەرووی پلانەکانیانەوە.(xxii)

#### ٢,٣ بەرپرسیاریەتی نێودەڵەتی دەوڵەتی تورکیا لە دروستکردنی پرۆژەکانیGAP و DAP

لەبەر ئەوەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی لە ئەنجامی پێشێل کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان لە لایەن یەکێک لە دەوڵەتان دروست دەبێت، بۆیە پێویستە سەرەتا باس لەو ڕێسا نێودەوڵەتیانە بکەین کە پێویستە دەوڵەتان پێیەوە پابەند بن و لە کاتی پابەند نەبوونیان بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیان دەکەوێتە سەر و دەبێ دەستبەجێ ئەو کردارە ڕابگرن و قەرەبووی زەرەر و زیانەکانی دەوڵەتانی زەرەرمەند بکەنەوە، بۆیە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

#### ١,٢,٣ بنەما نێودەوڵەتیەکانی بەکار هێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان

سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئاو پشت بە ڕێککەوتننامە و داب ونەریت و بنەما گشتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی و هەوڵ و کۆششی یاساناسان و دادگاکان دەبەستێت، کە گرنگترین بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ڕووبارە نێودەوڵەتیە هاوبەشەکان بریتین لە بنەمای هاوکاری و ئاگادارکردنەوی پێشوەختەی دەوڵەتان و زەرەر نەگەیاندن و دابەشکردنی دادپەروەرانەی ئاوە هاوبەشەکان و مافی مرۆڤ.(xxiii)

ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان ئەگەر بە پێی بنەما و پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەکار نەهێندرێن کێشەی زۆر بەدوای خۆیاندا دەهێنن، بۆیە کۆمەڵێک بنەمای نێودەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتیە هاوبەشەکان دانراون، کە ئەو بنەمایانە حوکمی دروستکردنی بەنداوەکان لەسەر ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان دەکەن، کە هەندیکیان پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان وەک بنەمای هاوکاری و بنەمای بەکارهێنانی دادپەروەرانە، هەندێکی دیکەشیان پەیوەستن بە بەرژەوەندی دەوڵەتان، وەک بنەمای زەرەر نەگەیاندن و بنەمای ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و خراپ بەکار نەهینانی مافەکان، کە لە ئەنجامی پێشێلکردن و پابەند نەبوون بەم بنەمایانەوە بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە سەر دەوڵەتان.(xxiv)

لە رووی تیۆری و پراکتیکیەوە هاوڕایی هەیە لە سەر ئەوەی ڕووبار بەشێکە لە خاکی دەوڵەتانی بەرئاو، لە ئەنجامدا ئەگەر ڕووبار بە تەواوی هەر لە سەرچاوەوە تاکوو ڕێژاو بکەوێتە ناو سنووری دەوڵەتێک ئەوە خاوەنداریەتی ڕووبارەکە بە ڕەهایی بۆ دەوڵەتەکە دەبێ و پێیان دەوترێت رووبارە ناوخۆییەکان، بەڵام ئەو ڕووبارانەی کە دەوڵەتان لێک جیا دەکەنەوە پێیان دەوترێ رووبارە سنووربڕەکان کە خاوەنداریەتیان بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەیە کە لێکیان جیا دەکاتەوە لەگەڵ سنووری هەرێمی کە تا ناوەراستی ڕووبارەکە دەڕوات.(xxv)

هەندێک یاساناس لەو بڕوایەدان کە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان و بەکارهێنانیان لە نێوان دەوڵەتانی سەرووچاوە و ڕێژاو بێجگە لە ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی هەیە، چونکە باران بارین لە هەموو شوێنەکان یەکسان نیە و نیوەی خاکی زەوی ناوچەی وشک و دیمە و پرسی ئاسایشی ئاو بووەتە هەڕەشەیەکی بەلگە نەویست، کە سەقامگیری و سەلامەتی و تەندروستی مرۆڤی خستۆتە مەترسییەوە.(xxvi) لە کاتێکدا هەندێکی دیکە لەگەڵ ئەوەدان کە ڕووبارەکان دابەشی سەر سێ جۆر بکرێن، جۆری یەکەمیان ڕووبارە نیشتیمانیەکانن، جۆری دووەمیان ئەو ڕووبارە نیشتیمانیەکانەن کە گرنگی نێودەوڵەتیان هەیە و جۆری سێیەمیان ڕووبارە نێودەولەتیەکانن.(xxvii)

هەندێکیش دابەشی سەر دوو ڕێرەویان کردوە، یەکەم ڕێرەوی کلاسیکی کە خۆی لە دوو بیرۆکەدا دەبینێتەوە، یەکەم بیرۆکەی سیاسی بۆ مەبەستی دیاری کردنی سنوور، دووەم بیرۆکەی کەشتیوانی کە بریتیە لە شیاویەتی ڕووبارەکە بۆ کەشتیوانی، کە هەردووکیان پێناسەی رووبەرە نێودەوڵەتیەکانی کردوە، هەروەها ڕێرەوی هاوچەرخ کە بریتیە لە بەکارهێنانی ئاو بۆ مەبەستی ناکەشتیوانی.(xxviii)

### ٢,٢,٣ بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان:

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا یاسای نێودەوڵەتی گرنگی بە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان داوە، هۆکارەکەشی زیادبوونی خواست و چەند هەندە بوونی پێداویستیەکانی نەتەوەکان و گەشەسەندن و ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لەسەر بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان بووە کە بوونەتە هۆکار کە گرنگی زیاتر بە ڕێسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان بدرێت و چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی پەسەند بکرێن، وەک ڕێککەوتننامەی هێلسینکی سالی ١٩٦٦، پەیماننامەی ئاوەکانی ئەورووپا سالی ١٩٩٢، پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان ١٩٩٧ و ڕێککەوتننامەی بەرلین سالی ٢٠٠٤.

### 1,٢,٢.3 ڕێککەوتننامەی هێلسینکی سالی ١٩٦٦

ڕێککەوتننامەی هێلسینکی ساڵی (١٩٦٦) لە(٦) بەش و (٣٧) مادە پێکهاتووە، بەشی (١ و ٢) تایبەتە بە دابەشکردنی ئاوی رووبارە سنووربڕەکانxxix، ئەم ڕێککەوتننامەیە لە سەر سێ بنەما بنیات نراوە، بنەمای مافی سوود وەرگرتنی هەموو دەوڵەتانی هاوبەش لە ئاوە هاوبەشەکان، هەروەها بنەمای سوود وەرگرتن لە ئاوەکانی هاوبەش بە شێوەی دادپەروەرانە و لۆژیکی، لەگەڵ بنەمای پابەندبوون بە زەرەرنەگەیاندن بە شێوەی ناراستەوخۆ.(xxx)

### ٢,٢,٢,٣ پەیماننامەی ئاوەکانی ئەورووپا ( UNECE)ی ساڵی ١٩٩٢

ئەم پەیماننامەیە یەکێکە لە پەیماننامە هەرە گرنگەکان لە بواری ئاو کە لە(٣) بەش و (٢٨) مادده پێک دێت، کە لە بەشی(٢)یدا (٨) مادیەی تەرخان کردوە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ کە دەکەونە سەر ڕووبارە هاوبەشەکان،(xxxi) بەڵام تەنها لە مادەی(٢) دا باسی بنەمای بەکارهینانی دادپەروەرانە و لۆژیکی ئاو دەکات.(xxxii)

### ٣,٢,٢,٣ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی ١٩٩٧

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی (١٩٩٧) تاکە پەیماننامەی نێودەوڵەتییە کە باس لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی شیرین دەکات و بەشێوەیەکی جیهانی جێبەجێ دەکرێت و چەندین بنەما لە خۆ دەگرێت.(xxxiii)

ئەم پەیماننامەیە یاسای بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی رووبارە نێودەولەتیەکانە بۆ مەبەستی بەدەر لە کەشتیوانی.(xxxiv) کە لە(٧) بەش و (٣٧) مادە پێک هاتووە،، ناوەرۆکی پەیماننامەکە لە بەشەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٤) دایە، یاسای ئاوەکانی نیودەوڵەتی لە سەر بنەمای تیۆری فەرمانڕەوایی سنووردار و ڕێساکانی هێلسینکی دانراوە، لە ناوەرۆکیدا بنەمای سوود وەرگرتنی دادپەروەرانە و لۆژیکی و لە هەمان کاتدا بنەمای پابەندبوون بە زەرەر نەگەیاندن هاتوە کە لە ئەسلدا دوو مادەی جیاوازی بۆ دوو بنەمای دژبەیەک داناو.(xxxv)

### ٤,٢,٢,٣ ڕێساکانی بەرلین ٢٠٠٤

ڕێساکانی بەرلین لە(١٤) بەش و (٧٢) مادە پێکهاتووە کە تەنها لە بەشی(٣)یدا یاساکانی ئاوە سنووریەکانی باس کردوە،(xxxvi) لە بەشی(٨)دا مافەکانی نەریتی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئاوەکانی ژێرزەوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕێکخراوە، ڕێساکانی بەرلین زۆرگشتگیرە و چوەتە ناو وردەکاری پرسەکانی سەرچاوە ئاویەکان.

### ٣,٢,٣ ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات

یەکەم ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دیجلە و فورات ڕێککەوتننامەی لۆزان بوو لە ساڵی ١٩٢٣ لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانان لەدوای شەری یەکەمی جیهانی، کە جەختی لەسەر نێودەوڵەتی بوونی ئەم دوو ڕووبارە کردۆتەوە، بەڵام تاکوو ئێستا هیچ ڕێککەوتننامەیەکی سێ قۆڵی لەسەر دابەشکردنی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات لە نێوان سێ دەوڵەتی تورکیا و سوریا و عێراق نەکراوە، بەڵکوو لە ساڵی ١٩٨٧دا ڕێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵی لە نێوان سوریا و تورکیا لەسەر دابەشکردنی ئاوی ڕووباری فورات کراوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵی لە نێوان عێراق و سوریا لەسەر دابەشکردنی ئاوی ڕووباری فورات کراوە، بەڵام نەیانتوانی کۆتایی بە کێشەکە بهێنن.(xxxvii)

بۆ سەلماندنی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بەو زیانانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە بەر وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس کەوتووە دەبێ ئەرکێکی پابەندکەری نێودەوڵەتی هەبێت، ئەم پابەندییەش پێویستە لە پەیماننامەییەکی تایبەت یان گشتی نێودەوڵەتی یان یاسای نێودەوڵەتی نەریتی، یان بنەما گشتییەکانی یاسایی نێودەوڵەتی، یان لە بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکانەوە سەرچاوەبگرێت، هەروەها دەبێت ئەوە بسەلمێندرێت کە سەرپێچیەک یان پێشێلکارییەک لە چوارچێوەی کردارێکی سەرپێچیکارانە یان خۆبواردن و خۆدزینەوە لە ئەرکێک لە لایەن تورکیاوە ڕوویداوە و لە ئاکامی ئەم کردارە زیانێک بەر دەوڵەتێکی دیکە کەوتووە. سەبارەت بەم دوو پرۆژەیە سەرەتا دەبێت سەرچاوەی مرۆیی کردار یان خۆبواردنی سەرپێچیکارانەی وڵاتی تورکیا دیاریبکرێت، و دواتر پێوەندی نێوان دەوڵەت و بکەری ئەو کردارە یان خۆبواردنەکە بسەلمێندرێت، دواجار دەبێ ئەوە بسەلمێندرێت کە ئەو کردار یان خۆبواردنە پێشێلکردنی پابەندییەکی نێودەوڵەتیە لە لایەن ولاتی تورکیاوە، لەم ڕوانگەیەوە بەرپرسیاریەتی دەوڵەتی تورکیا لە سۆنگەی بەرپرسیاریەتی لە ئاکامی کردارە قەدەغەنەکراوەکان و لە سەر بنەمای پێشێلکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ڕێسا و بنەما سەرەکیەکان و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و بڕیارەکانی دادگا نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەسەلمێندرێ، بێگومان پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ و ژینگە بۆ تورکیا پابەندکەرن وەکوو جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکانی، پەیماننامەی مافی منداڵان، پەیماننامەکانی تایبەت بە تاڵاو و بە بیابانبوون و پاراستنی فرەجۆری ژیان.(xxxviii)

بەپێی میساقی جیهانی سروشت (1982) کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، پێویستە هەموو پلان و بەرنامەیەک لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بە هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی و بە ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی دیکە و وڵاتانی زیانلێکەوتوو ئەنجام بدرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، پێویستە دەوڵەتان پێش جێبەجێکردنی هەر پلانێک یان بەرنامەیەک، لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە ناوخۆیی و سنووربەزێنەکانی پلانی ناوبراو بکەن و بە نیەتپاکی ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی پەیوەندار بکەن بە مەبەستی سنووردارکردنی کاریگەرییە زیانبەخشەکان.( xxxix)

هەرچەندە دەوڵەتی تورکیا بە پێچەوانەی عێراق و سوریا ئەندامی ڕێککەوتننامەی مافی بەکارهێنانی سەرچاوەی ئاوە نێودەوڵەتیە ناکەشتیوانیەکانی ساڵی (1997) نییە، بەڵام بەپێی ڕێسا نەریتیە نێودەوڵەتییەکان دەبێت پابەند بێت بە بڕگەکانی پەیماننامەکە، هەروەها بەپێی بڕگەی (١)ی مادەی(٥)ی ڕێککەوتننامەکە، پێویستە وڵاتان بە یەکسانی و لۆژیکی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان بکەن.(xl) دیسان بەپێی مادەی(٧)ی ڕێککەوتننامەی ئاماژەپێکراو دەوڵەتان دەبێ خۆیان بەدوور بگرن لە بەکارهێنانی سەرچاوەی ڕووبارەکان لە خاکەکانیاندا بە شێوەیەک کە زیان بە وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکان بگەیەنێت.(xli) هەمدیسان بە پێی مادەی (١٢)ی ڕێککەوتنەکە پێش جێبەجێکردن یان دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەک کە ڕەنگە کاریگەری وێرانکەری لەسەر وڵاتانی دراوسێ هەبێت، دەبێت ئەو دەوڵەتانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە یاداشت ئاگادار بکرێنەوە،(xlii)

دیسان بەپێی مادەی(٢)ی جاڕنامەی (ڕیۆی) ساڵی ١٩٩٢،(xliii) هەر دەوڵەتێک بەرپرسیارە لە کردەوەکانی خۆی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەروەری خۆی پابەندە بە ڕێگریکردن لە پیسبوونی ژینگەی وڵاتانی دیکە.(xliv) لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی تورکیا ئەندامی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی بیابانبوونە(xlv) لەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی مەترسی وشکەساڵی یان بیابانبوون دەبنەوە و ڕێککەوتننامەی جۆراوجۆری بایۆلۆجی کە بەرپرسە لە وشککردنەوەی سەرجەم زۆنگاوەکانی سوریا و عێراق بەهۆی ڕێگریکردن لە ئاوی ڕووبارەکان، بەڵام تاکو ئێستا دەوڵەتی تورکیا ڕەتیکردۆتەوە کە ڕاوێژ و دانوستان لەگەڵ دراوسێکانی لەبارەی دروستکردنی پرۆژەی GAP و DAPبکات و ئاگاداریان بکاتەوە.(xlvi) هەروەها بەرپرسیاریەتی ئەو جۆرە زیانانەی کە بە وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکان گەیاندووە لە ئەستۆ نەگرتووە، بۆیە پێویستە سوریا و عێراق لەو بارەوە سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن، چونکە جگە لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەوڵەتی تورکیا ڕێککەوتنی دوو قۆڵیشی لەگەڵ عێراق واژۆ کردووە کە لە ماددەی(٥) پرۆتۆکۆلی ژمارە(١) لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی و پەیوەندییە دراوسێیەتیەکانی نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی ١٩٤٦دا هاتووە کە" تورکیا ڕەزامەندی نیشان دەدات کە لە هەر پرۆژەیەک کە لەسەر ڕووبارەکانی دیجلە و فورات دەستپێبکات، ئاگاداری عێراق بکاتەوە و بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگرێت".(xlvii) بەم شێوەیە، تورکیا بەرپرسیاریەتیەکی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەی GAP و DAP.

لە (٣)ی دیسەمبری ٢٠٠٩ تورکیا و عێراق و سوریا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیەکان لە سەرچاوەی دیجلە و فورات و پەرەپێدانی ویستگە هاوبەشەکان بۆ چاودێری بەردانی ئاو واژۆ کردووە، هەروەها لە دیسەمبری ساڵی (٢٠١٤) دا یاداشتێکی لێک تێگەیشتن لە نێوان تورکیا و عێراق لە بواری ئاو واژۆ کراوە کە (١٢) ماددە لەخۆ دەگرێت، کە بەرجەستەترینیان گرنگی هاوکاری لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و دیاریکردنی بەشە ئاوی هەر دەوڵەتێک لە ئاوی ئەو ڕووبارانە بوو.(xlviii)

لەم دواییەشدا عێراق ڕێککەوتننامەیەکی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بە مەبەستی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاویەکان لەگەڵ تورکیا واژۆ کردووە بۆ بەدەستهێنانی بەشی دادپەروەرانەی ئاو، بەڵام سەرەڕای پێشوازی فەرمی، بووە هۆی تورە بوونی شارەزایانی ئاو لە عێراق، لەبەر ئەوەی کۆتایی بە کێشەکە لەسەر ناوخۆیی بوون یا نێودەوڵەتی بوونی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات ناهێنێت، هەروەها ناڕوونی لە دیاریکردنی چەندایەتی ئەو ئاوە هەیە کە بڕیارە بۆ عێراق بەربدێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک دەستەواژەی تێدا بەکار هاتووە کە عێراق بە ناڕاستەوخۆ دان بەوەدا دەنێت کە ئەم دوو ڕووبارە نێودەوڵەتی نین، بەڵکوو دوو ڕووباری سنووربڕن، بۆیە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆرێک لە یاسانانسان و سیاسیەکانی عێراق بووەتەوە.xlix

**٤. چارەسەری کێشە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ڕووبارە نێودەوڵەتیەکانی نێوان تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران:**

کاتێک کێشەیەکی نێودەوڵەتی ڕوودەدات پێویستە سەرەتا بە ڕێگاکانی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، کە ڕێگاکانی چارەسەرکردن و چۆنیەتی ڕێکخستنی لە بەڵگەنامە نیودەوڵەتیەکان، وەک ڕێککەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٠٧ سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشە نێودرەوڵەتیەکان، هەروەها لە چارتەری کۆمەڵەی گەلان ساڵی 1919 و میساقی لورکانو ساڵی 1925 و میساقی تەحکیم ساڵی 1928 دا هاتووە، بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە میساقەکەیدا جەختی لەسەر پابەندکردنی دەوڵەتانی ئەندام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگە ئاشیانەکان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی نەکەوێتە مەترسییەوە.(l)

لەبەر ئەوەی بوونی هەر کێشەیەک لە نێوان وڵاتان بە ڕێگە یاسایی و سیاسییەکان یان بە بڕیارێکی دادوەری چارەسەر دەکرێت، کە ڕێگەکانی ئاشتیانەی چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکانن کە خۆی لە ڕێگە دیبلۆماسیەکان و ڕێگە سیاسییەکان و ڕێگە دادوەریەکان و تەحکیمی نێودەوڵەتی دەبینێتەوە، هەروەک ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا لە(١٦)ی ئازاری ٢٠١٢ داوای لە وڵاتان کردوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان پەنا ببەنە بەر دادگای دادی نێودەوڵەتی و ئەو بنەمایەی بە توخمێکی جەوهەری یاسای نێودەوڵەتی و چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان داناوە و داوای لە وڵاتان کردوە تایبەتمەندی ناچاری دادگا قبوڵ بکەن، کە بەپێی دەقی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی( ٣٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای دادی نێودەوڵەتی، وەک دەزانرێت پرەنسیبی سەروەری یاسا پێویستی بە بوونی یاسایەکی باڵا هەیە، جگە لە دادگا و پابەندبوون بەو بڕیارانەی دادگاکان، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یاسا ئاسۆییە، دەسەڵاتێکی باڵا نییە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پابەندییەکان بکات، بۆیە ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا یاسای نەریتی یان یاسای نەرمن، هەرچەندە بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێک لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی ئاسایش سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتیە، بەڵام لە ڕاستیدا، ڕەنگە نەتوانێت ئەو کارە بکات بەهۆی نارەزایەتی یەکێک لە پێنج ئەندامی هەمیشەیی و بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، سەرەڕای ئەمەش دەستەواژەی سەروەری یاسای نێودەوڵەتی گرنگە، واتە یاسا لە سەرووی دەوڵەتەکانەوەیە و هەموو دەوڵەتەکان لەبەردەمیدا یەکسانن، بۆیە وڵاتانی وەک شیلی و بۆلیڤیا پەنایان بردۆتە بەر دادگا بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ مەترسیدارترین ئاورێژی ئاو لە ئەمریکای لاتین بەپێی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، لە ڕووی هایدرۆ-سیاسییەوە ناسکترین و هەستیارترینە لە جیهاندا:

یەکەم، بڕیارە دادوەرییەکان لە بواری سەرچاوەکانی ئاودا دەگەڕێتەوە بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی، کە میراتگری دادگای دادی نێودەوڵەتی دادە، بۆ نموونە بڕیاری ڕووباری( ئۆدەر) لە ساڵی ١٩٢٩ و بڕیاری ڕووباری (میوز) لە ساڵی ١٩٣٧، هەروەها لە ساڵانی نەوەدەکان، ژمارەی سکاڵاکانی دەوڵەتان بۆ دادگا دادی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی پەیوەست بە سەرچاوەکانی ئاو بەرز بۆتەوە، ئەمەش لە کۆمەڵێک بڕیاردا ڕەنگیداوەتەوە، وەک بڕیارەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردن و بەکارهێنان و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، بۆ نموونە بڕیاری پرۆژەی (گابسیکۆڤۆ-ناگیمارۆس) (Gabcikovo-Nagymaros) لە ساڵی ١٩٩٧ (هەنگاریا بەرامبەر سلۆڤاکیا)، بڕیاری (پاڵپ میلز) لە ساڵی ٢٠١٠ (ئەرجەنتین بەرامبەر ئۆرۆگوای)، بڕیاری ڕووباری کەناڵی سیلالا (Silala Canal River) لە ساڵی ٢٠٢٢ (شیلی دژی بۆلیڤیا).

دیسان بڕیارەکانی پەیوەست بە دیاریکردنی سنووری نێوان وڵاتان کاتێک سەرچاوەی ئاوەکان سنووری سروشتی پێکدەهێنن، بۆ نموونە بڕیاری ڕووباری( Chobe river ) لە ساڵی ١٩٩٩(بۆتسوانا دژی نامیبیا)، بڕیاری ڕووباری (نیجەر) لە ساڵی ٢٠٠٥، (بێنین دژی نیجەر)، هەروەها بڕیاری ڕووباری سان خوان( San Juan Rive ) (کۆستاریکا دژی نیکاراگوا)، کە ڕۆڵ و کاریگەری دادگاکان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەخاتەڕوو و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی یاسای نێودەوڵەتیدا بەرچاوە.

ئەوەی جێگەی هەلوێستەلەسەرکردنە بە تایبەتی ڕێساکانی پەیوەست بە ئاو گومانی تێدا نییە کە بەشداریکردنی دادگا لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دەرفەتی ڕوونکردنەوە و پەرەپێدانی ڕێسای یاسایی دەدات، لە ساڵانی نەوەدەکانەوە، هەروەها بەرژەوەندییەکی بەرچاو لە تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبینینەوە کە دادگا ڕۆڵێکی بەرچاوی تێدا دەگێڕێت، دیسان **دادگای دادی نێودەوڵەتی لە لاهای لە ١٩٧٤ /١٢/١٢ کۆمەڵێک بنەمای پەیوەست بە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئاو پەسەند کردووە کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:**

١- ئەو وڵاتەی کە دەکەوێتە بەشی خوارووی ڕووبارەکە مافی ئەوەی هەیە کە ئاگاداری پێشوەختە لە هەر چالاکیەک لەو وڵاتانەی کە دەکەوێتە سەرەوەی ڕووبارەکە کە کاریگەری لەسەری هەبێت وەربگرێت، هەروەها پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕاوێژ و گفتوگۆ بکەن لە نێوان خۆیاندا پێش دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەک لە ئاورێژی ڕووبارەکان.
٢- ڕێگریکردن لەو کارانەی کە دەتوانن زیانی گەورە بە هەر لایەنێک لە لایەنەکان بگەیەنن و پێویستە هەمووان لەسەر ئەو کێشانەی کە باسی لێوە دەکرێت هاوکاری یەکتری بکەن.
٣- ڕێگریکردن لە هەر کارێک کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ژینگەی وڵاتانی دیکە.
٤- پێویستە کارەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی سەرچاوە هاوبەشەکان دوابخرێن، ئەگەر چاوەڕوان بکرێت دانوستانەکانی نێوان وڵاتانی پەیوەندیدار درێژخایەن بن.

بە سەرنجدان بە گرنگی پرسە ژینگەییەکان، کردەوەی نیشتمانی، واتە کارلێکی دوولایەنە و دیپلۆماسی کارا، پێویستە بە پلەی یەکەم بەهۆی کاریگەریی کارە خراپەکانی تورکیاوە بگیرێتەبەر، کە دۆخی وڵاتەکە ئاڵۆزتر دەکات و ڕەنگە دوابخات، بەدواداچوونی جددی و کۆنکرێتی پێویستە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵکردنی دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی مەحاڵ بێت.

قۆناغی دووەمی لوتکە و کۆبوونەوە ناوچەییەکان کە تیشک دەخاتە سەر دروستکردنی بەنداوەکان لە لایەن تورکیاوە بە ئامادەبوونی وڵاتانی ناکۆک و بەرپرسانی باڵای تورکیا ڕێکبخرێن. کۆبوونەوەیەک کە دەرئەنجامەکانی دەبێت لایەنی جێبەجێکاری هەبێت و وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا و ئازەربایجان تێیدا بەشداربن، بۆ ئەوەی لێک نزیکبوونەوە دروست ببێت.

لە قۆناغی سێیەمدا دەبێت ڕێوشوێنی نێودەوڵەتی بگیردرێتەبەر، وەک ڕێوشوێنی خۆپارێزی یان تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای نێودەوڵەتی (بەپێی ئەو دەسەڵاتەی دادگا لە ڕێککەوتنە ژینگەییەکاندا وەریگرتووە) و ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ ڕێگریکردن لە کارەساتی ژینگەیی و مافی مرۆڤ بە خێرایی. (li)

هەروەها چالاکیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هەڵمەتەکانی پێکهێنراو لەم بوارەدا تا ڕادەیەک کاریگەرن و پێویستە گرنگی زیاتریان پێبدرێت و پشتیوانیان لێبکرێت، ڕۆڵی جێگرەوەی میدیاش لەم بوارەدا نابێ پشتگوێ بخرێت، بۆیە تا چەند میدیاکان ڕووماڵی ئەم بابەتە دەکەن و تا چەند خەڵک ئاگاداری ئەم بابەتانەن و دەرئەنجامەکانی دەزانن زۆر گرنگە، چونکە ڕۆشنگەری و زانیاری لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیا ڕێگری لە حکومەتەکان دەکات و کۆنترۆڵیان دەکات، بۆ نموونە چالاکوانانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٩ توانیان ڕێگری لە پەرەسەندنی بەنداوی ئیلیسو لە تورکیا بکەن.(lii)

### ٥. کۆتایی توێژینەوە

### ١,٥ دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- کێشەی نێوان تورکیا لە گەڵ سوریا و عێراق لەسەر دابەشکردنی ئاوەکانی دیجلە و فورات خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، یەکەمیان عیراق پێیوایە کە دیجلە و فورات دوو حەوزی جیان کە پێویستە لەنێوان سێ لایەنەکە بە شێوازی دادپەروەرانە دابەش بکرێت، لە کاتێکدا تورکیا هەروەها سوریاش سەردەمێک پێیوابوو کە ئەم دوو ڕووبارە یەکن و یەک حەوزی هایدرۆلۆژی پێکدەهێنن، بۆیە پێویستە عێراق تەنها سوود لە دیجلە وەربگرێت و فورات بۆ تورکیا و سوریا جێبهێڵێت. دووەمیان تورکیا پێی وایە کە ئەم دوو ڕووبارە سنووربڕن و ڕووباری نێودەوڵەتی نین و

بۆی هەیە لە ناو سنووری خۆیدا بەنداو لەسەر ئەو بەشەی دەکەوێتە ناو سنووری نێودەوڵەتی دروست بکات، بە بێ ئەوەی حساب بۆ پێگەی دەوڵەتانی جیران بکات، لە کاتێکدا عێراق و سوریا پێیانوایە دوو ڕووباری نێودەوڵەتین و هەموو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیە پەیوەندارەکان بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت.

٢- یەکەم ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دیجلە و فورات ڕێککەوتننامەی لۆزان بوو لە ساڵی ١٩٢٣ لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانان لەدوای شەری یەکەمی جیهانی، کە جەختی لەسەر نێودەوڵەتی بوونی ئەم دوو ڕووبارە کردۆتەوە.

٣- تاکوو ئێستا هیچ ڕێککەوتننامەیەکی سێ قۆڵی لەسەر دابەشکردنی ئاوەکانی دیجلە و فورات لە نێوان سێ دەوڵەتدا نەکراوە، بەڵکوو لە ساڵی ١٩٨٧دا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان سوریا و تورکیا کراوە، وە لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان عێراق وسوریا لەسەر دابەشکردنی ئاوەکانی فورات لە نێوانیاندا کراوە، هەروەها لەم دواییەدا ڕێککەوتننامەیەکی (١٠)ساڵی لە نێوان تورکیا و عێراق لەسەر دابەشکردنی ئاو کراوە، بەڵام نەیانتوانیوە کۆتایی بە کێشەی نێوان ئەم سێ وڵاتە لەسەر ئاو بهێنن.

٤- تورکیا بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە ئاو و ڕێککەوتننامە ئاویەکانی لە گەڵ سوریا و عێراق و ئێران پێشێل کردووە و بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی کەوتۆتەسەر و پێویستە پرۆژەکانی ڕابگرێت و قەرەبووی زیانە ماددی و مەعنەویەکانی ئەم وڵاتانە بکاتەوە.

٥-سەرەرای نارەزایەتیەکانی هەرسێ وڵات لەسەر دروستکردنی بەنداوەکان، وڵاتی تورکیا ئامادە نەبووە پرۆژەکانی ڕابگرێت و زیانەکانی هەڵبسەنگێنێت و گفتوگۆی پێشوەختە لەگەل وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکان بکات و زیانی زۆری بە وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران گەیاندووە.

٦- وڵاتانی زەرەرپێکەیشتوو تاکوو ئێستا پەنایان نەبردۆتە بەر دادگای دادی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەسەر ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ تورکیا.

### ٢,٥ پێشنیازەکانی توێژینەوە:

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و ئاراس لە نێوان تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران چەند پێشنیارێک دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-دەوڵەتانی سوریا و عێراق و ئێران ڕێگەکانی ئاشتیانەی چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان وەک ڕێگە دیبلۆماسیەکان و ڕێگە سیاسییەکان و تەحکیمی نێودەوڵەتی بگرنەبەر.

٢- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕاگەیاندن کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بکەن و ڕای گشتی ناوخۆیی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە زیانەکانی ئەم پرۆژانە ئاگادار بکەنەوە و زانیاری تەواویان پێبگەیەنن.

٣-ئەگەر ئەو ڕێگەیانە کاریگەر نەبوون پەنا ببەنە بەر دادگای دادی نێودەوڵەتی بۆ ئاراستەکردنی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی بۆ تورکیا و قەرەبووکردنەوەی زەر و زیانە ماددی و مەعنەویەکانیان.


٦. لیستی سەرچاوەکان:

**سەرچاوە کوردیەکان:**

1- عیباد ڕوحی، بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیی تورکیا لە کۆنترۆڵ و گلدانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە و فوراتدا، ناوەندی کوردستانی بۆ یاسای نێودەوڵەتی، ٢٠٢٣.-HTTPS://KC-INTERLAW.ORG/KU/DETAIL.ASPX?JIMARE=322/ 26/10/2024:1:00PM

**-سەرچاوە عەرەبیەکان:**

**کتێب:**

1- أحمد كمال عفيفي، 2010. التخطيط العمراني و اثره في برامج الدفاع،(Naif Arab University (NAUSS.

2- شكراني الحسين، العدالة المائية من منظور القانون الدولي،رؤيي استراتجية، 2013.

3- صلاح الدين عامر, مقدمة لدراسة القانون الدولى العام, دار النهضة العربيةو مصر، ط2، 1995.

4- طيبة جواد حمد المختار، القانون العام: بابل، مشاهدة المحاضرة للرحلة الثالثة، سنة 2011.

5-عصام العطية، القانون الدولي العام: بغداد، مجمع المكتبة البغدادية، المتنبي، ط الاولى، سنة 2012.

**توێژینەوە زانستیەکان:**

1- اسماعيل نوري حميد، المشاكل المائية بين تركيا و بلغاريا و اليونان ١٩٥٤-٢٠١٥-نهر مريج نموذجا-(٢٧)٤[مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية]( ٢٠٢٠ ) ١٩٥، ١٩٨.

2- ثامر العاني و علاء حسين، استخدامات الموارد المائية دوليا و تداعياتها على قضية المياه عالميا، (٢٤)١٠٤[مجلة العلوم الاقتصادية و الادارية] ( ٢٠١٨)٢٤٠، ٢٤٠.

3- جوني عاصي، دور محكمة العدل الدولية في تطور القانون الدولي للمياه، مجلة سياسات عربية، عدد(62)، المجلد(11)، ايار-مايو 2023.

4- خالد حسون و اسماء رجا ، موقف القانون الدولي من استغلال الانهار الدولية- دراسة قانونية عن نهري دجلة و الفرات [ مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية] ( ٢٠١٨)١٣٠، ١٣٦-١٣٧.

5- خليل ابراهيم ، الاليات القانونية لتسوية المنزعات التي تنجم عن استخدام الانهار الدولية بين العراق و الدول المجاورة، (١٦)٥٦[مجلة الرافدين للحقوق]( ٢٠١٨)٣١٧، ٣٢٢.

6- رقيب الحماوي، المبادئ القانونية الناظمة لاستخدام مياه المجاري المائية الدولية( دراسة في احكام اتفاقية الامم المتحدة لسنة ١٩٩٧)( ١٨) ٦٣[ مجلة الرافدين للحقوق ]( ٢٠٢٠)١٧٦، ١٩١.

7- شاري خالد معروف، التنظيم القانوني لانشاء السدود غلى الانهار الدولية وفق مبادئ القانون الدولي العام، مجلة قەلای زانست العلمية، المجلد(6)، العدد(4)، خريف 2021.

8- عبد الكريم داود، النزاع العراقي - السوري- التركي على مياه دجلة والفرات قراءة جيوبوليتيكية، مجلة سياسات عربية، العدد(62)، المجلد (11)، 2023.

**بەڵگەنامە یاسایە نێودەوڵەتیەکان:**

1- اتفاقية اوروبية لحماية و استخدام المجاري المائية لعام ١٩٩٢.

2- اتفاقية هلسينكي لحماية و استخدام مجاري المياه الغابرة للحدود و بحيرات الدولية لسنة 1997.

3- اعلان ريو بشان البيئة و التنمية لسنة ١٩٩٢.

4- قواعد برلين للموارد المائية لسنة ٢٠٠٤.

5-اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة التصحر في البلدان التي تعاني من الجفاف الشديد و/ او من التصحر و بخاصة في افريقيا لسنة 1994.

6-اتفاقية قانون استخدام المجاري المائية الدولية في اغراض غير الملاحية للامم المتحدة لسنة 1997.

٧- معاهدة لوزان 1923 بين تركيا و دول الحلفاء.

8- اتفاقية برشلونا لسنة 1976، بشأن التعاون في مكافحة تلوث البحر الأبيض المتوسط بالنفط والمواد الضارة الأخرى في الحالات الطارئة.
9- اتفاقية حلب لسنة 1930.
١٠- اتفاقية الصداقة و حسن الجوار بين العراق و تركيا لسنة 1946.
11- الميثاق العالمي للطبيعة لسنة 1982.
١٢-اتفاقية لاهاي لعام 1907 بشأن التسوية السلمية للمنازعات الدولية.
13- معاهدة لوركانو لسنة 1925.
14- ميثاق التحكيم لسنة 1928.
15- النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية.

**بڕیاری دادگاكان:**

١-قرار (Mills Pulp) في عام 2010( ألارجنتين ضد ألاوروغواي).
٢-قرار يخص (River /Canal Silala) في عام 2022 تشيلي ضد بوليفيا).
٣-القرار الخاص بنهر تشويب (Chobe river) في عام 1999(بوتسوانا ضد ناميبيا).
٤- القرار الخاص بنهر النيجر في عام 2005(بنني ضد النيجر).
٥- قرار (River Juan San) فى عام 2013 (كوستاريكا ضد نيكارغوا.)

**- سەرچاوە فارسیەكان:**

1- ابراهيم گل، عليرضا، مسووليت بين‌المللى دولت متن و شرح مواد كميسيون حقوق بين‌الملل،٢٠١۴، تهران شهر دانش.
2- جاويد احسان و نياورانى صابر، قلمرو حق سلامتى در نظام بين المللى حقوق بشر، (2014)، 47-70.
3- رشيدى، رستگار، آزاده and مشهدى, 2021. منبع تعهد به ارزيابى آثار زيست‌محيطى فرامرزى در پروژۀ گاپ تركيه. *مطالعات حقوق تطبيقى معاصر*, *12*(22), ١١٧-١٤٤.
4- سلطان‌قيس، فريد و عليزاده، حسين. (1396) احداث سد ايليسو و مغايرت آن با تعهدات فرامرزى در قبال همسايگان وفق حقوق بين الملل، فصلنامه علوم و فنون مرزى، سال هشتم، شماره 4 (197-181).
5- عليزاده، جعفر (1384) هيدروپليتيک هيرمند و تاثير آن بر روابط سياسى ايران و افغانستان،پايان نامه كارشناسى ارشد، دانشگاه تربيت مدرس.
6- فرائى، غلامحسين. (1398) بررسى تعهدات زيست‌محيطى بين‌المللى افغانستان در خصوص حفظ و حمايت از تنوع‌زيستى، پايان‌نامه كارشناسى ارشد، رشته حقوق بين الملل: دانشگاه شهيد بهشتى.
7- فريبا اوريده و جلال عطارى و محسن عبداللهى، مطالعه تطبيقى اصول و قواعد بين‌المللى حاكم برتقسيم اب در رودخانه هاى فرامرزى(١٤)٢ [فصلنامه علوم محيطى] ( ١٣٩٥) ٨١، ٨٢
8- متقى، افشين و صالح آبادى، ريحانه و تكروستا، مريم. (1399) تبيين بازتاب‌هاي هيدروپليتيك ساخت سد ايليسو در كشورهاي پايين دست (عراق، سوريه و ايران)، مجله جغرافيا و توسعة ناحيه‌اي، سال هجدهم، شمارة 2 (332-303).
9- محمدى و نجفى, 2017، حفاظت از تالاب‌ها در حقوق بين‌الملل، در پرتو كنوانسيون رامسر، *پژوهشهاى حقوقى*, *16*(31)، ٢٣١-٢٣٧.
10- هاشمى مزرعه نو، سكينه سادات. (٢٠٢١) جنبه‌هاى حقوقى پروژه سدسازى‌هاى دولت تركيه (GAP) با تاكيد بر حقوق بشر و محيط زيست، پايان نامه كارشناسى ارشد، دانشگاه آزاد اسلامى: واحد تهران جنوب.

**سەرچاوە ئینگلیزیەكان:**

1- Al-Madhhachi, A.S.T., Rahi, K.A. and Leabi, W.K., 2020. Hydrological impact of ilisu dam on Mosul Dam; the river Tigris. *Geosciences*, *10*(4), p.120.

2- Murat Metin Haqqi, An Analysis of the legal Issues concerning Turkey's southeastern Anatolia project –GAP-(169)4 [world affairs] (2007)176,176

3- Rebecca Shiel and Wilson, 2021: 1344.

4- Zaki, Y., 2020. Hydropolitic of turkey GAP Project and its effect on environmental security of Iraq and Syria. *Political Organizing of Space*, *3*(1), pp.1-9.

5-Juss, S., Francavilla, D., Özdural, S., El-Chichini Poppovic, M., Augenstein, D., Oder, B., Murcott, M., Scabin, F., Torre de Silva, V. and Usal, Z.O., 2014. The environmental and social impacts of dams: mapping the issues. *Law Schools Global League (LSGL) Research Paper*, (4)

**International court decisions:**

1- Case Relating to the Territorial Jurisdiction of the International Commission of the River Oder," International Water Law Project, Series A, no. 23-Series C No 17-11, Judgment of September 10th (1929).

2- "Case Relating to the Diversion of the Water From the Meuse," Permanent Court of International Justice, Ser. A/B, no. 70, Judgment of June 28th, 1937.

3-International Court of Justice. "Advisory Opinions and Orders Case Concerning, The GabcikovoNagymaros Project (Hungary v. Slovakia)." Reports of Judgments. Judgment of 25/9/1997.

---

(i)- صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولى العام، دار النهضة العربية، مصر، ط2، 1995: 67

(ii)-Murat Metin Haqqi, An Analysis of the legal Issues concerning Turkey's southeastern Anatolia project –GAP-(169)4 [world affairs] (2007)176,176

(iii)- خليل ابراهيم ، الاليات القانونية لتسوية المنزعات التي تنجم عن استخدام الانهار الدولية بين العراق و الدول المجاورة، (١٦)٥٦[مجلة الرافدين للحقوق]( ٢٠١٨)٣١٧، ٣٢٢

(iv)- رقيب الحماوي، المبادئ القانونية الناظمة لاستخدام مياه المجاري المائية الدولية( دراسة في احكام اتفاقية الامم المتحدة لسنة ١٩٩٧)( ١٨) ٦٣[ مجلة الرافدين للحقوق ]( ٢٠٢٠)١٧٦، ١٩١

(v)- خالد حسون و اسماء رجا ، موقف القانون الدولي من استغلال الانهار الدولية- دراسة قانونية عن نهري دجلة و الفرات [ مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية] ( ٢٠١٨)١٣٠، ١٣٦-١٣٧

(vi)- اسماعيل نوري حميد، المشاكل المائية بين تركيا و بلغاريا و اليونان ١٩٥٤-٢٠١٥-نهر مريج نموذجا-(٢٧)٤، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، ٢٠٢٠ : ١٩٥، ١٩٨.

(vii)- هاشمی مزرعه نو، سکینه سادات. (٢٠٢١) جنبه‌های حقوق پروژه سدسازی‌های دولت ترکیه (GAP) با تأکید بر حقوق بشر و محیط زیست، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه آزاد اسلامی: واحد تهران جنوب: ٣٨

(viii)- رشیدی، رستگار، آزاده و مشهدی, 2021. منبع تعهد به ارزیابی آثار زیست‌محیطی فرامرزی در پروژهٔ گاپ ترکیه. *مطالعات حقوق تطبیقی معاصر*, *12*(22), ١١٧-١٤٤ : ١٢٠

(ix)- Al-Madhhachi, A.S.T., Rahi, K.A. and Leabi, W.K., 2020. Hydrological impact of ilisu dam on Mosul Dam; the river Tigris. *Geosciences*, *10*(4), p.120.

(x)- Zaki, Y., 2020. Hydropolitic of turkey GAP Project and its effect on environmental security of Iraq and Syria. *Political Organizing of Space*, *3*(1), pp.1-9.

(xi)-عیباد ڕوحی، بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیی تورکیا لە کۆنترۆڵ و گلدانەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە و فوراتدا، ناوەندی کوردستانی بۆ یاسای نێودەوڵەتی، ٢٠٢٣.-HTTPS://KC-INTERLAW.ORG/KU/DETAIL.ASPX?JIMARE=322/

(xii)- متقی، افشین و صالح آبادی، ریحانه و تکروستا، مریم. (1399) تبیین بازتاب‌هاي هیدروپلیتیك ساخت سد ایلیسو در کشورهاي پایین دست (عراق، سوریه و ایران)، مجله جغرافیا و توسعة ناحیه‌ای سال هجدهم، شمارة 2 (332-303):٣١٨

(xiii)- أحمد كمال عفيفي، 2010. التخطيط العمراني و اثره في برامج الدفاع،(Naif Arab University (NAUSS.

(xiv)- عصام العطية، القانون الدولي العام: بغداد، مجمع المكتبة البغدادية، المتنبي، ط الاولى، سنة 2012: ٣٠٢

(xv)- عصام العطية، هەمان سەرچاوە: ٣٠١

(xvi)- طيبة جواد حمد المختار، القانون العام: بابل، مشاهدة المحاضرة للرحلة الثالثة، سنة 2011 : 12.

(xvii)- فرائی، غلامحسین. (1398) بررسی تعهدات زیست محیطی بین‌المللی افغانستان در خصوص حفظ و حمایت از تنوع‌زیستی، پایان‌نامه کارشناسی ارشد، رشته حقوق بین الملل: دانشگاه شهید بهشتی:٣١

(xviii)- جاوید احسان و نیاورانی صابر، قلمرو حق سلامتی در نظام بین المللی حقوق بشر، (2014)، 47-70: ٥٤

(xix)-هاشمی مزرعه نو، سکینه سادات، سەرچاوەی پێشووتر:٨٧

(xx)-محمدی و نجفی, 2017، حفاظت از تالاب‌ها در حقوق بین‌الملل، در پرتو کنوانسیون رامسر، *پژوهشهای حقوقی*, *16*(31)، ٢٣١-٢٥٠: ٢٣٧ https://jlr.sdil.ac.ir/journal/article_49860.html?lang=fa

(xxi)- هاشمی‌مزرعه نو، سکینه سادات، سەرچاوەی پێشووتر: ٨٠

(xxii)- علیزاده، جعفر (1384) هیدروپلیتیک هیرمند و تاثیر آن بر روابط سیاسی ایران و افغانستان،پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه تربیت مدرس:٣٤

(xxiii)-شكراني الحسين(٢٠١٣)، العدالة المائية من منظور القانون الدولي، رؤيي استراتجية.

(xxiv)- شاري خالد معروف، التنظيم القانوني لانشاء السدود على الانهار الدولية وفق مبادئ القانون الدولي العام، مجلة قەلای زانست العلمية، المجلد(6)، العدد(4)، خريف 2021: ٧٥١-٧٥٩

(xxv)- Murat Haqi, Ibid:176

(xxvi)- ثامر العاني و علاء حسين، استخدامات الموارد المائية دوليا و تداعياتها على قضية المياه عالميا،(٢٤)١٠٤، مجلة العلوم الاقتصادية و الادارية، ٢٠١٨: ٢٤١

(xxvii)- خليل ابراهيم، سەرچاوەی پێشووتر: ٢٢٠-٢٢٣

(xxviii)- رقيب الحماوي، سەرچاوەی پێشووتر: ١٦٩

(xxix)- ڕێکەوتننامەی هێلسینکی بۆ پاراستن و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی سنووربڕ و دەریاچە نێودەوڵەتیەکان ساڵی ١٩٩٧.

(xxx)- فریبا اوریده و جلال عطاری و محسن عبداللهي، مطالعه تطبیقی اصول و قواعد بینالمللی حاکم برتقسیم اب در رودخانه های فرامرزی(١٤)٢ [فصلنامه علوم محیطی] ( ١٣٩٥) ٨١، ٨٢

(xxxi)-پەیماننامەی ئاوەکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٩٢ کە بە ڕێککەوتننامەی پاراستن و بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاو و دەریاچە نێودەوڵەتییەکان (پەیماننامەی ئاوەکان) ناسراوە لە ساڵی ١٩٩٢ پەسەندکراوە و لە ساڵی ١٩٩٦ کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە و ساڵی ٢٠٠٣ هەمواركراوەتەوە، کە لە بنەڕەتدا وەک ئامرازێکی ناوچەیی دارێژرابوو، ڕێگەی بە هەموو وڵاتانی دەرەوەی لیژنەی ئابووری ئەوروپای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دا کە بچنە ناو ڕێککەوتننامەکەوە، وە لە ساڵی ٢٠١٦وە هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن بەشداری لە ڕێککەوتننامەی ئاودا بکەن، وە تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٠، (٤٤) دەوڵەت چوونە ناو ڕێککەوتننامەی ئاو، لەنێویاندا سێ دەوڵەت لە دەرەوەی کۆمیسیۆنی ئابووری ئەوروپای نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، زۆر وڵاتی دیکەش لە پرۆسەی پەیوەست بوون بە کۆنوانسیۆنەکەدان. ئەم ڕێککەوتننامەیە وەک میکانیزمێک بۆ پێشخستنی هاوکاری نێودەوڵەتی و ڕێوشوێنە نیشتمانییەکان بۆ بەڕێوەبردنی تەندروستی ژینگە و پاراستنی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی سنووربڕەکان. جگە لەوەش سەکۆیەکی حکوومی نێودەوڵەتیە بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی هاوکاری دەرەوەی سنوورەکان بە شێوەیەکی ڕۆژانە.

(xxxii)- فریبا اوریده و بقیه، سەرچاوەی پێشووتر: ٨٥

(xxxiii)- ڕێککەوتننامەی یاسای بەکارهێنانی سەرچاوەوکانی ئاوە نێودەوڵەتیەکان بە مەبەستی ناکەشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٧، بەڵگەنامەیەکە کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە (٢١)ی مایۆی ساڵی ١٩٩٧ پەسەند کراوە و پەیوەندی بە بەکارهێنان و پاراستنی هەموو ئاوە سنووربڕە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە بە ئاوە سەرزەوی و ژێر زەویەکانیشەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە لە(٣٧) مادده پێک هاتووە کە دابەشی سەر(٧) دەروازە کراوە، کە ژمارەی لاپەڕەکانی دەگاتە نزیکەی (١٠) لاپەڕە، کە بە کورتی و ڕونی گەشەسەندنی یاسای نێودەوڵەتی ئاوی ڕووبارەکانی خستۆتەڕوو.

(xxxiv)- مراد حەقی، سەرچاوەوی پێشووتر: ١٧٦

(xxxv)- فریبا اوردە و بقیە، هەمان سەرچاوە: ٨٦

(xxxvi)- ڕێساکانی بەرلین سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاو، بەڵگەنامەیەکە کە لە لایەن کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی (ILA) پەسەند کراوە بۆ پوخت کردنەوەی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی پاک لە سەردەمی هاوچەرخدا، چ لە ناوخۆی دەوڵەتدا بێت یان لە دەرەوەی دەوڵەتدا، کە لە (٢١)ی ئوگوستی ساڵی ٢٠٠٤ لە بەرلین پەسەند کراوە، ئەم بەڵگەنامەیە کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەیی پێشووتر(ڕیساکانی هێلسینکی سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاوەکانی ڕووبارە نێودەوڵەتیەکان) ی هەڵوەشاندۆتەوە.

(xxxvii)- عبد الكريم داود، النزاع العراقي - السوري - التركي على مياه دجلة والفرات: قراءة جيوبوليتيكية، مجلة سياسات عربية، العدد(62)، المجلد (11)، 2023: 45

(xxxviii)-عیباد ڕوحی، سەرچاوەی پێشووتر.

(xxxix)- سلطانقیس، فرید و علیزاده، حسین. (1396) احداث سد ایلیسو و مغایرت آن با تعهدات فرامرزی در قبال همسایگان وفق حقوق بین الملل، فصلنامه علوم و فنون مرزی، سال هشتم، شماره 4 (181-197):١٩١ https://civilica.com/doc/1190524/download/

(xl)- بڕگەی (١)ی ماددەی(٥)ی ڕێککەوتننامەی مافی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوە نێودەوڵەتیە ناکەشتیوانیەکانی ساڵی (1997).

(xli)- ماددەی(٥)ی هەمان ڕێککەوتننامە.

(xlii)- مادەی(١٢)ی هەمان ڕێککەوتننامە.

(xliii)- المادة (٢)، اعلان ريو لسنة ١٩٩٢.

(xliv)-هاشمی مزرعه نو، سکینه سادات. (٢٠٢١) جنبه‌های حقوقی پروژه سدسازی‌های دولت ترکیه (GAP) با تأکید بر حقوق بشر و محیط زیست، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه آزاد اسلامی: واحد تهران جنوب:١٠٣

(xlv)- اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة التصحر لسنة ١٩٩٤، تەنها ڕێککەوتننامەیە کە لە پێشنیازەکانی ڕاستەوخۆی کۆنگرەی خشتەی کارەکانی سەدەی ٢١ کە لە پاریس لە (١٧)ی یونیۆ ساڵی ١٩٩٦ پەسەند کراوە و لە دیسەمبری ساڵی ١٩٩٦ کەوتۆتە واری جێبەجێ کردنەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە یەکەمین و تەنها ڕێککەوتننامەیە کە سروشتی نێودەوڵەتی و پابەندکار بە پێی یاسا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی بە بیابانبوون وەرگرت.

(xlvi)- Juss, S., Francavilla, D., Özdural, S., El-Chichini Poppovic, M., Augenstein, D., Oder, B., Murcott, M., Scabin, F., Torre de Silva, V. and Usal, Z.O., 2014. The environmental and social impacts of dams: mapping the issues. *Law Schools Global League (LSGL) Research Paper*, (4);5

(xlvii)- Juss, S., Francavilla, D., Özdural, S., El-Chichini Poppovic, M., Augenstein, D., Oder, B., Murcott, M., Scabin, F., Torre de Silva, V. and Usal, Z.O., 2014. The environmental and social impacts of dams: mapping the issues. Law Schools Global League (LSGL) Research Paper, (4)
https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2461490

(xlviii)- scidev.net/mena news/25/10/2024:11:30 pm

(xlix)- حامد الزبيدي, جرية الحرة, على الموقع الالكتروني: Alhurra.com/Iraq/2024:02/11/2024:10:02pm www.http://

(l)- طيبة جواد حمد المختار، هەمان سەرچاوە: ١٥

(li)- جوني عاصي، 2023، دور محكمة العدل الدولية في تطور القانون الدولي للمياه، .Arab Policy (Siyasat Arabiya), 11(62)

(lii)- Rebecca Shiel and Wilson, 2021: 1344.